# پێشانگای جەستەی بینراو، جەستەی نەبینراو

**گارا ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

ئەم پێشانگایە وەک گۆڕینی مانای شوێن و درککردن بە بەهاکانی جەستە، وەک خودێکی فیزیکی، لە شوێنێکەوە کە لە بنەڕەتدا بۆ لێدان و کەمکردنەوەی ماناکانی جەستە دروست کراوە، بۆ هەمان شوێن کە ئەم جارە تێیدا بەهۆی کارەکانی ئەم پێشانگایەوە ماناکانی جەستە بەرزدەبێتەوە.

جەختکردنی بیرۆکەی ئەم پێشانگایە لەسەر چەمک و وێنە و ماناکانی جەستەیە، وەک کاردانەوەیەک بۆ حاڵەتی بە پەراوێزکردنی ڕۆڵ و وێنە و ماناکانی جەستە لەناو کولتوور و هونەری شێوەکاری ڕۆژهەڵاتیی ئیسلامیدا.

لە کارەکانی ئەم هونەرمەندانەدا وێنەی جەستە بە شێوە و مەتریاڵی جیا جیا دەرکەوتووە، لە هەندێکیاندا وێنەی جەستە بە تەواوەتی دەرکەوتووە، وەک لای ئاڤان سدیق، ئەحمەد نەبەز و لە هەندێکی دیکەیاندا تەنیا وێنەی بەشی سەرەوەی جەستە دەرکەوتووە، وەک لای زاموئا داراغا، بەهجەت عومەر و گەیلان عەبدوڵڵا، بەڵام لای ڕەنج حیکمەت تەنیا وێنەی دەستی هونەرمەند لە یەکێ لە مۆنیتۆرەکاندا جاروبار دەردەکەوێ، هەرچەندە لە گشت کارەکاندا هەست بە ئامادەیی جەستە دەکرێ، ئیدی بە بینراوی بێ، یان بە نەبینراوی، بەپێی تایبەتمەندێتی کارکردنی هونەرمەندەکان لەناو کۆی بیرۆکەی پێشانگاکەدا لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە توانایی بینەر بۆ بینین و درککردن و دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ هەریەک لە کارە هونەرییەکاندا.

کارە هونەرییەکان زۆر هاوچەرخن و لە ئەنجامی خوێندنەوە و بینین و سەرقاڵیی هونەرمەندەکان لەگەڵ ئێستای هونەری شێوەکاریدا دروستبوون، بە جۆرێ کە ڕوحی کاتەکە دەپێکن. هونەرمەندەکان مامەڵەیەکی هەستیارانەیان لەگەڵ شوێن و فەزای گشتیی پێشانگاکە



**تابلۆی هونەرمەند ئەحمەد نەبەز**

و فەزای تایبەتی ژووری پێشانگاکەی خۆیاندا لە ژێرزەمینی بینای ئەمنە سوورەکە کردووە. تیشک و مەتریالی نوێ و بەرهەمە نوێیەکانی دنیای تەکنۆلۆژیایان بۆ خزمەتی ناوەرۆکی کارەکانیان بەکارهێناوە.

**کورتەیەک لە ناساندنی کارە هونەرییەکان:**

**ئەحمەد نەبەز:** کارەکەی ئەحمەد نەبەز جۆرێکە لە ڤیدیۆ پێرفۆرمانس، هونەرمەند خۆی ناوی (قوربانی) لێ ناوە و ساڵی ٢٠١٦ جێبەجێی کردووە و سی دەقە و چل و پێنج چرکە دەخایەنێ.

پێش دەستپێکردنی ڤیدیۆکە هونەرمەند خۆی ئەم دەقەی نووسیوە:

(قوربانی هەڵگری پەیامێکی خوێناوییە، خۆپاککردنەوەی مرۆڤە بە خوێن، پۆشینی تاوانە بە تاوانێکی تر، زیادکردنی چاکەیە بە گوناهێکی دی، لەناوبردنی ژیانی ڕاستەقینەیە بۆ ژیانە وەهمییەکانی دی) لەبەر بواری تەندروستی و ترس لە بەکتریا و نەخۆشی، ئەحمەد نەبەز بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکەی جۆرە ڕەنگێکی سووری بەکارهێناوە کە لە خوێن دەچێت. لە ناوەڕاستی کارەکەدا پیاوێک بە چینچک لە جۆری دانیشتنی ناو حەمام دانیشتووە و هونەرمەند چەند وشەیەکی وەک (قەتڵ، زینا، ڕیبا، ڕەجم، فەساد)ی لەسەر جەستەی پیاوەکە چەند جارێک دووبارە نووسیوەتەوە.

لە تەنیشتی پیاوە نیمچە ڕووتەکەوە تەشتێک دەبینرێ کە ڕەنگە سوورەکەی تێدایە و لە نێوان تەشتەکە و پیاوەکەوە، هونەرمەند سەری مانگایەکی لەسەر زەوییەکە داناوە بۆ ئاماژەدان بەسەربڕینی مانگا و بەکارهێنانی خوێنەکەی. پیاوە نیمچە ڕووتەکە بە جامێ حەوت جار بە دەستی ڕاستی ڕەنگە سوورەکە لەناو تەشتەکە هەڵدەگرێ و بەسەر خۆیدا دەیڕێژێت، ڕەنگی خوێنەکە لە تەوقی سەریەوە دەڕژێتە خوارەوە و لەگەڵ چۆڕاوەی ڕەنگی خوێنەکەدا پیاوەکە دیسانەوە بە دەستی ڕاستی لیفکەیەک هەڵدەگرێت، ئینجا بە لیفکەکە و بە دەستی چەپی لەشی خۆی و نووسینەکانی سەر لەشی خۆی دەسڕێتەوە و لە کۆتاییدا پیاوەکە هەڵدەسێتە سەرپێ و ئەڵڵاهـ و ئەکبەر بانگ دەکات.

هەوڵی سڕینەوەی جێ شوێنی نووسینەکان (قەتڵ و ڕیبا و فەساد و ڕەجم و زینا) بە ڕەنگی خوێن نەک بە زانست ڕەفتارێکە سەر بە جەهالەت کە هونەرمەند لە نێوان کارەکەیەوە دەیەوێ نیشانی بدا و ڕەخنە لەم حاڵەتە بگرێ، بێ گومان ئەگەر هونەرمەند خوێنی بەکاربهێنایە لە جیاتی ئەو ڕەنگە سوورەی کە لە خوێن دەچێ، ئەو کات ماناکەی ڕاستەوخۆتر دەبوو. لێرەدا دەشێت ڕەنگە سوورەکە ببێ بە ڕەمز بۆ خوێن.

بەکارهێنانی ئەحمەد نەبەز بۆ جەستەی کەسێکی دی لە دەرەوەی جەستەی خۆی بۆ کارە هونەرییەکەی ڕەهەندێکی ئۆبجەکتیڤی (مەوزووعی) بە کارەکەی بەخشیوە، واتە دوور لە دەربڕین، دوور لە ڕۆڵی جەستەی خۆی وەک ئامرازێک لەپێناوی کارە هونەرییەکەدا. لێرەدا ئەحمەد نەبەز خاوەنی بیرۆکەکەیە و کەسێکی دیکە جێبەجێی دەکات. ئەم کارەی ئەحمەد نەبەز لەلایەنی شێوەوە کارەکانی هونەرمەندی نەمساوی و سەر بە ئەکسیۆنیستەکانی ڤییەنا (هێرمان نیچ Hermann Nitsch)مان بیر دەخاتەوە.

هونەرمەند خۆی دەڵێ: ئەو پیاوە بە خوێنی کەسێکی دیکە (لێرەدا ئاژەڵەکەیە) دەیەوێ خۆی لە گوناهەکانی خۆی پاک بکاتەوە.

**ئاڤان سدیق:** هونەرمەند ئاڤان سدیق ناوی (پاسیڤەکان)ی لە کارەکەی ناوە و ساڵی ٢٠١٦ ئەم کارەی بۆ ئەم پێشانگایە دروست کردووە، ئاڤان بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی ماددەی پلێکسیگلاسی بەکارهێناوە، واتە جۆرە پلاستیکێکی باغەیی ئەستووری ئاوی و بە یارمەتی پرۆجێکتەر و بە قەڵەمێکی تایبەت لەسەر پلێکسی گلاسەکان وێنەی فیگەرەکانی کێشاوە.

ئاڤان سدیق گشت کارەکانی لەقەد دیواری ژووری



تابلۆی هونەرمەند ئاڤان سدیق

پێشانگاکەیدا دانەناوە، بەڵکو لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بە تەلی نەشتەرگەری پێنج کاری هەڵواسیوە کە پشتیان لە بینەرن، بەم حاڵەتەیش ئەو سوودی لە ئەتمۆسفیری ژوورەکە وەرگرتووە، بۆ دروستکردنی فەزایەک کە تێیدا کارەکانی و بینەرەکانیشی تێدا تێکەڵ بن.

لەم حاڵەتەدا ئەستەمە ئەم کارە دانراو و هەڵواسراوانەی ئاڤان سدیق وەک پێشانگایەکی ئاسایی ببینرێ، وەک ئەوەی کە بینەر بیت و تەماشای تابلۆ بکات، بەڵکو وەک کارێکی سێ ڕەهەندی، وەک کارێکی (ئنستەلەیشن) کە مامەڵە لەگەڵ فەزای ژوورەکە دەکات و بەم جۆرەش فەزای ژووری پێشانگاکە لە گشت کارە هونەرییەکە دەبێت بە بەشێکی دانەبڕاو.

ڕەنگەکانی فیگەرەکانی ئاڤان سدیق لە سپی و ڕەش پێکهاتوون، کە تەواو لەگەڵ ڕەنگی دیوارەکانی ژووری پێشانگاکەی گونجاون، ئەو لە کاتی دروستکردنی وێنەکاندا بیری لە ڕەنگی ئەو دیوارانە کردووەتەوە تا ڕەنگی دیوارەکە تێکەڵ بە ڕەنگی کارەکەی بێت. لەبەر شەفافیەتی مادده پلاستیکییە بەکارهێنراوەکە جۆرێک لە تێکەڵاوی لەنێوان ڕەنگی فیگەرەکان و ڕەنگی دیوارەکان دروست بووە، ئەمەیش بووەتە ئیزافەیەک بۆ ڕەنگەکانی فیگەرەکان، واتە بەشداری دیوارەکان نەک تەنیا وەک شێوە و دیاریکردنی فەزای پێشانگاکەی، بەڵکو وەک بەشداریکردن لە ڕەنگەکانی وێنەی مرۆڤەکان، بە مانایەکی تر چوونەژوورەوەیان بۆ ناو فیگەرەکان، ئەمەیش بووەتە هۆی دروستبوون و تێکەڵاوبوونی پێوەندی لەنێوان دیوارەکان و فیگەرەکان.

لە هونەری ئاڤان سدیق بەگشتی دیاردەیەک هەیە کە بە زمانی ئەڵمانی (ئنتەندیرتەر بیتراختەر)ی پێ دەگوترێ Intendierter Betrachter واتە: (هێنانە ناوەوەی بینەر بۆ ناو کارە هونەرییەکە) کە لەم ئیشەیشیدا دیسانەوە دەرکەوتووە.

ئاڤان سدیق بە جۆرێ کارەکانی هەڵواسیوە و دایناون کە بینەر بتوانی بە نێوان وێنە هەڵواسراوەکانیدا تێپەڕێت و هەست بە جەستەی خۆی بکات و بتوانێ ببێت بە بەشێ لە گشتی کارە هونەرییەکە. هونەرمەند سێ کار لە کارەکانی خۆی ڕاستەوخۆ بە تەک دیواەکانەوە داناوە و دوانیشی خستووەتە ناو دوو ژووری تەسک و بچووکی پێشانگاکەی خۆیەوە، وەک دروستکردنی پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ بیناکە و چوونە ژوورەوەیان بۆ ناو قووڵایی بیناکە، وەک شێوەی هەستکردن بە ژیانی ناو دیوارەکان و ژوورە تەنگ و تەسک و تاریکەکانی ژێرزەمینی ئەمنە سوورەکە. من پرسیارم لە ئاڤان سدیق کرد: بۆچی تۆ ئەم مەتریالە، ئەم باغە ڕەق و شەفافە بۆ کارەکانت بەکاردەهێنی؟ ئەو گوتی: حەزم لێیەتی.

**بەهجەت عومەر:** بەهجەت عومەر تەنیا هونەرمەندی بەشداربووی ئەم پێشانگایەیە کە خۆی تێیدا ئامادە نەبووە، کارەکەی ئەو ڤیدیۆ ئینستەلەیشنە و بە ناوونیشانی New place of origen (شوێنگەی نوێی ڕەسەنی) بوو. هونەرمەند خۆی دەربارەی کارەکەی دەڵێ: ئەم کارەی من لە چەند ڤیدیۆ و فۆتۆگرافی پێکهاتووە کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا بۆ ڤیسیڤاڵی ساڵانەی (Open Oslo) لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج، ئامادەکراوە. سەرەتای دروستبوونی کارەکە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتێکی بێزارکەری چاوەڕوان نەکراو دەگەڕێتەوە، ڕەنگدانەوە و تیشک خستنەسەر ئەزموونێکی خۆمە، کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە چاوەڕوانی وەرگرتنی ناسنامەیەکی متمانەپێکراو و مافی پەنابەرێتیدا بووم، ئەم کارە



تابلۆی هونەرمەند بەهجەت عومەر



**تابلۆی هونەرمەند ڕەنج حیکمەت**

بەکارهێنانی ڕەگەزی ڤیدیۆ و وێنەیە بۆ وێناکردن و بەرەنگاربوونەوە و دروستکردنی پرسیار لەسەر "ناسنامە"، پاش جێهێشتنی ولاَت پەنابەران ڕووبەڕووی دەبنەوە.

یەکێ لە خەسڵەتە هونەرییەکانی کارەکەی بەهجەت عومەر ئەوەیە کە ئەو ئیشی لەسەر بابەتێک کردووە کە خۆی تێدا دەژێت و نزیکە لێوەی، ئەمەیش پێوەندییەکەی ئاسان کردووەتەوە، لە نێوان خۆی و کارەکەی و ڕەهەندێکی سیاسی بە کارەکە دەبەخشێ بێ قوربانیدان بە ناوەڕۆک و تەکنیکی هونەری کارەکە.

بەهجەت عومەر بۆ ئەم کارەی هەندێ ڤیدیۆی بچووک بچووکی بەکارهێناوە کە دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە و ڕووناکییەکەش بە ڕای ڕەنج حیکمەت چرکەی فلاشی کامێراکە دروستی دەکات.

ڕەنج حیکمەت دەربارەی ئەم کارە دەڵێ: هونەرمەند بەهجەت عومەر خۆی وێنەی کەسەکانی گرتووە کە لە کارەکەدا دەرکەوتوون و بە ڕای ڕەنج حیکمەت ئەو کەسانە لە حاڵەتی چاوەڕوانیدان و دەکرێ لە چرکەیەکدا نامەیەکیان بۆ بێت و شوناسیان لێ بسێنرێتەوە، بەم جۆرەش ناسنامەیان دەگۆڕدرێ. لەم حاڵەتەدا دەشێت ئەم کارەی بەهجەت عومەر وەک دەربڕینێک بۆ ترس و نائارامی ببینرێ، وەک دەربڕینێک بۆ هەڕەشە لەسەر بوونی مرۆڤ، وەک ڕەخنەیەک لە شارستانێتی و کۆمەڵگای پیشەسازی ڕۆژئاوا ببینرێ. دەرکەوتنی وێنەی کەسەکان زۆر بە کورتی و دووبارە ونبوونیان هەستی لاوازی بوونتان دەگەیەنێ کە توانایی مانەوەی زۆریان بەرانبەر بینەر نییە، دەشێ جۆرێ بن لە هاوارکردن و بە هەرچی چۆنێ بێ، ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت وێنەی خۆیان پێش ئەوەی ون بن بە بینەر بگەیەنن.

**ڕەنج حیکمەت:** کارەکەی ڕەنج حیکمەت بە ناونیشانی Drawing coridor with videw in-stalation واتە (ناوڕەوی هێڵکاریکراو لەگەڵ ڤیدیۆ ئینستلەیشن)، هونەرمەند ئەم کارەی یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٣ لە لەندەن دروست کردووە و ساڵی ٢٠١٦ لەم پێشانگایەدا دووبارە نیشانی داوەتەوە، بەڵام بە هەندێ گۆڕانکارییەوە و لە کۆنتێکستێکی دیکەدا. کارەکەی ڕەنج حیکمەت ئاڵۆزە. هونەرمەند خۆی دەڵێت: ئەم کارە نیشاندانی وزەی جەستەیە، لە ناوەوە و لە دەرەوە.

ئەو بۆ ئەم کارەی بە دیوارێکی سپی و پان کە بەرزی ناگاتە بنمیچی ژوورەکە، شوێنی پێشانگاکەی خۆی دابەش کردووە بۆ دوو فەزا کە نیو بە نیو نین، لە بەشە گەورەکەیدا دوو مۆنیتۆری بە تەنیشت یەکەوە لەسەر زەوی داناوە، کە ڕاستەوخۆ بەرچاوی بینەر دەکەون کاتێ دەچێتە ناو ژوورەکەوە.

یەکێک لە مۆنیتۆرەکان ناوەوەی جەستە و ئەوەکەی دیکەشیان دەرەوەی جەستە نیشان دەدەن. بۆ نیشاندانی ناوەوەی جەستە هونەرمەند ئامرازێکی هێڵکاری دڵی لە لەشی خۆی توندکردووە، هەروەک چۆن دکتۆری دڵ بەکاری دەهێنێ واتە: چەند وایەرێکی بە سینگی خۆیەوە بەستووەتەوە و لایەنەکانی دیکەی وایەرەکانی گەیاندووە بەو مۆنیتۆرەی کە جەستە لە ناوەوە نیشان دەدات و تێیدا بینەر چەند شێوە و ڕەنگ و هێڵێک دەبینێ، هەروەک لە ژیانی ڕۆژانەدا لە نۆرینگەی دکتۆر لە کاتی پشکنینی دڵدا بەکاردێ و لە هەمان کاتدا گوێشی لە خشەخشی دەستی هونەرمەند دەبێ لەکاتی هێڵکاریکردنەکەدا، واتە بینەری ئەم مۆنیتۆرە کارێک دەبینێ هەم بۆ بینین و هەم بۆ گوێ گرتن، کاری ئەم ڤیدیۆیەش دەبێت بە ئەودیۆڤژوەڵ Audiovisuell، لەکاتێکدا کە ڤیدیۆکەی تەنیشتی تەنیا وەک ڤژوەڵ Vi-suell دەمێنێتەوە، واتە تەنیا بۆ بینین.

لە مۆنیتۆرەکە دیکەدا بینەر جوولەی دەستی هونەرمەند لە کاتی هێڵکارییەکەدا دەبینێ کە هونەرمەند لەناو فەزای پێشانگاکەدا جێبەجێی کردووە و لە کاتی هێڵکاریکردندا کامێرایەکی بە ناوچەوانی خۆیەوە بەستووەتەوە تا بتوانێ پرۆسەی هێڵکاریکردنەکە بە مۆنیتۆرەکەوە بگەیەنێ. لە بەشە بچووکەکەیدا کارە هێڵکارییەکەی داناوە و لەسەر کاغەزێکی سپی گەورە دروستی کردووە و لە قەد دیوارەکە و لە ئاستی چاوی



**تابلۆی هونەرمەند گەیلان عەبدوڵڵا**

بینەر بێ چوارچێوە هەڵیواسیوە.

بینەر کاتێ لەناو فەزا بچووکەکەدا ڕوودەکاتە هێڵکارییەکە پشتی لە دیوارە سپییەکە دەبێ. لێرەدا مەبەستی هونەرمەند تەنیا بینینی هێڵکارییەکە لەلایەن بینەرەوە نییە، بەڵکو لەوەیش گرنگتر لای هونەرمەند دروستکردنی ئەو فەزا تەسکەیە کە هەستی بینەر تەواو دەگۆڕێ و تێیدا لە جەستەی خودی خۆی نزیک دەبێتەوە، ئەو کات لەنێوان جەستەی خۆیەوە درک بە بوونی خۆی و کارە هونەرییەکە دەکات، لێرەدا دەکرێت قسە لەسەر پێوەندی جەستە و فەزا بکرێ کە یەکێکە لە بابەتەکانی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ و هونەرمەندی ئەمریکی بروس نەومان Bruce Nauman بە جۆرێکی دی کاری لەسەر کردووە.

لەناو ژووی کارەکەی (ڕەنج حیکمەت)دا بینەر لە دوو حاڵەتدا دەژی: یەکێکیان جۆرێکە لە بینین، لەوکاتەی کە بەرانبەر مۆنیتۆرەکان دەوەستێ و کاتەکەی دی جۆرێکە لە چڕبوونەوەی هەستەکانی خودی بینەرەکە لەگەڵ خودی خۆیدا و لەناو ئەو فەزا بچووک و تەنگەدا کە هونەرمەند بۆی دروست کردووە.

هونەرمەند ڕێزان نەجیب ڕای وایە: ئەم کارەی ڕەنج حیکمەت ڕەهەندێکی (بۆدی ئارت)یش لە خۆ دەگرێ. کاتێ کە پرسیارم لە ڕەنج حیکمەت کرد: لە کام حاڵەتدا هەستت کردووە زیاتر لەناو کارەکەیت؟ لەوەی کە لەندەن کردت، یان ئەمەی ئێرە؟ ئەو گوتی: ئەمەی ئێرە. هونەرمەند هۆیەکەی بۆ ئەمنە سوورەکە خۆی دەگێڕێتەوە، وەک جێگایەکی تراجیدی لە مێژووی ئەم شارە، بەواتایەکی دی وەک دروستکەری تراوما لە یادەوەری خەڵکی ئەم شارەدا. ڕەنج حیکمەت دەڵێ: من نامەوێ مامەڵەیەکی عاتیفی لەگەڵ ئەم زاکیرەیە بکەم، بەڵکو دەمەوێ ئارکیۆلۆجیانە بەر ئەم زاکیرەیە بکەوم.

**گەیلان عەبدوڵڵا:** هونەرمەند گەیلان عەبدوڵڵا ناوی نەفرەتی لە کارەکەی ناوەو لە ڤیدیۆ پێرفۆرمانس پێکهاتووە. هونەرمەند لە ساڵی ٢٠١٣، لە پاریس دروستی کردووە، بۆ یەکەم جار لەم پێشانگایەدا پێشانی داوە، لەم کارەیدا وێنەی دوو مرۆڤی بەکارهێناوە کە بەردەوام تف لەیەک دەکەن. هەردوو مرۆڤەکە هونەرمەند خۆیەتی، لە یەکێک لە ڤیدیۆکان بە ڕەنگی ئەکریلی ڕەش دەموچاوی خۆی داپۆشیوە و لەوەکەی دیکەیان بە ئەکریلی سپی. لە کاتی دروستکردنی کارەکەدا هونەرمەند لە نێوان خۆی و کامێراکە پلاستیکێکی شەفافی ڕەقی داناوە تا تفەکان بەر کامێراکە نەکەون. ناوەڕۆکی کارەکە جۆرێکە لە دەربڕینی توورەیی و ڕەفزکردنی دوو مرۆڤ بۆ یەکدی کە لە دوو ڕەگەزی جیا و ڕەنگی جیا پێکهاتوون. هونەرمەند خۆی ئەم کارەی بە قێزەون وەسف دەکات و دەڵێت: هێندە تفم کرد تا خۆم هیڵنجم هاتەوە.

ئەم کارەی گەیلان عەبدوڵڵا سیفەتێکی دژوار لە خۆدەگرێت و دانانی کارەکە بە دوو ڤیدیۆ بەرانبەر یەک و لەو فەزایەی کە پێویست بوو گشت بینەرەکانی پێشانگاکە پێیدا تێپەڕن بۆ بینینی ئەو دوای کارەکان هێندەی دیکە دژواری کردووە، ئەم جۆرە دانانە بە مەبەست بووە، بەم جۆرەش گشت بینەرەکان ئەو دوو حاڵەتی تفکردنە دەبینن و هەستی پێ دەکەن، ئەوکات هەر بینەرەی بە جۆرێ هەستی پێ دەکات و کاری تێدەکات و لێکی دەداتەوە، بەمەرجێ کە هونەرمەند مەبەستی تفکردن لە بینەر نییە، هەرچەندە هەندێ بینەر پێی توورە دەبێت، لەبەر ئەوەی کارەکە ڕەهەندێکی (استفزازی) لەخۆ دەگرێ، ئیدی ئەوەش دەکەوێتە سەر بینەرەکە کە تا چەند دەتوانێ شەخسی وەرینەگرێ، بەڵام بەلای هونەرمەندەوە گرنگە کە ئەم کارەی وەک هونەر ببینرێ و دەڵێ: ئەوەی وەک هونەر سەیری نەکات بانەیبینێ.

**زامۆنا داراغا:** زامۆنا داراغا ناوونیشانی (پاش مردن)ی بۆ کارەکەی داناوە. هونەرمەند بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەی ١١ فۆتۆ و ماددەی سلیکۆنی بە کارهێناوە. فۆتۆکان ڕەش و سپین و وێنەی دەموچاو و بەشی سەرەوەی مرۆڤ نیشان دەدەن، لە شێوەی وێنەی ناو ناسنامە ڕەسمییەکان، واتا گشتیان لەوەپێش خۆیان بۆ



**تابلۆی هونەرمەند زامۆئا داراغا**

وێنەگرتن ئامادە کردووە و هیچیان لە حاڵەتی ئیشکردن، یان جوولانەوەدا نین. یەکێ لە کەسەکان باوکی هونەرمەندەکەیە و ئەو دوایان بە هونەرمەند ئاشنا نین و تا کاتی کردنەوەی پێشانگاکە ٢٠١٦/١١/١٩ تەنیا یەک کەسیان لە ژیاندا ماون.

لەم کارەی زامۆئادا بینەر ڕاستەوخۆ وێنەکان نابینێ، بەڵکو هونەرمەند فۆتۆکانی لەناو ماددەی سلیکۆندا پاراستووە و هەڵواسینیشیان تەقلیدی نین، وەک نیشاندانی تابلۆ کە لەناو شووشە و چوارچێوەیش نین، وەک نیشاندانی کاری فۆتۆگرافی، بەڵکو هەر یەک لە کارەکان لەسەر تەختەدارێکی ئەستوور بێ چوارچێوە دانراون، بەم جۆرەش ڕەهەندێکی ئۆبجەکتیان بەخۆوە گرتووە، بە جۆرێ کە هیچ شتێ لە نێوان سلیکۆنەکە و چاوی بینەردا نییە هەوا نەبێ.

هونەرمەند بایەخێک بۆ سلیکۆنەکە دادەنێ تا ئەو ڕادەیەی کە وا لە بینەر دەکات بتوانێ دەستی لێوە بدات و درک بە نەرمیی مەتریالەکە بکات و هەندێ جاریش تەماشای قەراغەکانیشی بکات، کە (سێ تا چوار سانتیمەتر) ئەستوورن بۆ دروستکردنی پرسیار دەربارەی پێوەندی نێوان سلیکۆنەکە و وێنەکان. بۆ نموونە: بۆچی سلیکۆن؟ بۆچی وێنەکان نەخراونەتە ناو جام و چوارچێوەوە؟

ماددەی سلیکۆن کە هونەرمەند لە چەندان کاری دیکەیدا بە کاری هێناوە، ماددەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو بەرهەمی کارگەیە، لێرەوە ماناکانی کارە هونەرییەکە و ڕەهەندەکانی دیاری دەکرێن، ئەو ماددەیە بەپێی زانیاری هونەرمەند توانایی مانەوەی زیاد لە ٢٠٠٠ ساڵی هەیە، پاشان دەبێت بە خۆڵ. زامۆئا داراغا ئەم ماددەیەی بۆ پاراستنی وێنەی مرۆڤەکان بە کارهێناوە و بڕوایشی وایە کە پاشان ئەم پاراستنەش کۆتایی پێ دێ، هەرچەندە زۆریش بخایەنێ، لەوانەشە مەبەستی هونەرمەند لەمەدا ئەوە بێ کە ئەو هەوڵی وزە و جوولانەوە بە وێنەی کەسەکانی ناو سلیکۆنەکە بدات، هەرچەندە لە کۆتاییدا بێ سوودە و گشتیان لەگەڵ سلیکۆنەکەدا کۆتاییان پێ دێ و دەبنەوە بە خۆڵ.

هەوڵدانی هونەرمەند بۆ پاراستنی وێنەی کەسەکان لەهەمان کاتدا دەشێ وەک هەوڵدان ببینرێ بۆ پاراستنی خودی کەسەکان، کە لەم حاڵەتەدا پاراستنی فیرعەونەکان دەخاتەوە یادمان لە کولتووری میسرییە کۆنەکاندا، هەرچەندە زامۆئا داراغا وێنەی کەسەکان دەپارێزێت، نەک جەستەی کەسەکان خۆیان، بەڵام بیرۆکەکە هەر پاراستنە، ئەوەی جێی سەرنجە لەم حاڵەتەی زامۆئا داراغا زیاتر ماناکانی ماددەی سلیکۆنەکەیە.

مەبەستیشی لە هەڵبژاردنی ژمارە ١١ ئەوەیە کە ئەم ژمارەیە هەستی نائارامی و ناجێگیری بە بینەر دەبەخشێ. لەو بارەیەوە هونەرمەند خۆی دەڵێ: یەکەم ئەم ژمارەیە تاکە واتا ژمارەیەکە نائارام و ناجێگیرە لەکاتێکدا بە ڕای هونەرمەند ژمارە جووتەکان مانای ئارامی و جێگیری دەبەخشن. ژمارە هەمیشە ئامادەیی هەبووە، بە مانای جیاواز لە کاری هونەری شێوەکاریدا و ئەم ژمارە یازدەی کارەکەی زامۆئا داراغا کارێکی هونەرمەندی ئەڵمانی هاوچەرخ (یۆزێف بۆیس Joseph Beuys)مان بە یاد دێنیتەوە کە نۆ پڕتەقاڵی بەکارهێناوە و بە بڕوای بۆیز ژمارە ٩ ماناکەی والا و ئەگەر بوو بە ١٠ داخراو دەبێت.

**پرۆژەی هونەری گرووپی کۆنسێپت ئارت.**

**خاوەنی بیرۆکە و ڕێکخەری پێشانگا: ئاڤان سدیق.**

**هونەرمەندەکان: ئەحمەد نەبەز، ئاڤان سدیق، بەهجەت عومەر، گەیلان عەبدوڵڵا، ڕەنج حیکمەت، زامۆئا داراغا.**

**جێگای پێشانگا: ژێرزەمینی ئەمنە سوورەکە- سلێمانی.**

**کاتەکەی: لە ١٩وە تا ٢٥ی مانگی ١١ی ٢٠١٦.**